# ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان -سەباح جەلال ئەحمەد (ناسراوە بە سەباحە سەرسوور)... ئامادەکردنی: ئەنوەر خەراجیانی

چاوپێکەوتنی ئەم جارەمان لە گەڵ یاری زانی دێرینی شاری قەڵاو مەنارە، شاری هۆلاکۆ بەزین یەکێك لە یاری زانە باشەکانی هێڵی بەرگری ساڵەکانی 1967 تاوەکو ساڵی 1974 یاری زانی بەناوبانگی سەردەم سەباح جەلال ئەحمەد (ناسراوە بە سەباحە سەرسوور) ساڵی 1949 لە شارەکەی حاجی قادری کۆیی لە دایك بووە، ئەنوەر. لە ساڵی چەندا دەستت کردوە بەوەرزش کردن؟

وەڵام. لە ساڵی 1964 دەستم کردووە بە یاری فوتبۆڵ و یاری گۆڕەپان وەك ڕاکردنی 400 مەتر و 800 مەتر و هەڵدانی ڕم کەوا زۆر جار ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە.

ئەنوەر. یەکەم تیپ کام تیپ بوو کە یاریت بۆ کردن لە چ ساڵێکدا بووە؟
وەڵام. ئەوەی بەبیرم بێت یەکەم تیپ تیپی هێرش بووە پاش ماوەیەکی کەم بووە بە یانەی هێرش، زۆری نەبرد ڕژێمی ئەوسەردەمە یانەکەی داخست هۆی داخستنەکەشی ڕون نەبۆوە، پاشان پەیوەندیم بە یانەی بروسك کرد بووم بە ئەندامی یانەکە، لە دەوری ساڵەکانی 1966 بۆساڵی 1967 بووە.

ئەنوەر. لە چی ساڵێکدا هەڵبژێردرایت بۆ هەڵبژاردەی هەولێر؟
وەڵام. لە ساڵی 1967 دا وەك یاری زانێکی سەرەکی هێڵی بەرگری یاریم کردوە بۆ هەڵبژاردە.

ئەنوەر. زۆر بەی یاری زانە باشەکانی ئەوسەردەمە یاری زانی یانەی پۆلیس بوون، چونکە یانەی پۆلیس لە ساڵەکانی 1969 وە تاوەکو ساڵی 1974 پلەی نایابی عێراق بوون. ئایە جەنابتان یاری زانی یانەکە بوویت؟
وەڵام. بەڵی لە هەمان کاتدا یاریشمان بۆ یانەی پۆلیس دەکرد لە هەموو خولەکانیشدا بەشداریمان کردووە

ئەنوەر. کاتێك کە هەڵبژاردەی هەولێر بوویت کێ ڕاهێنەرتان بووە؟
وەڵام. مامۆستا ناسر یوسف لە گەڵ موحەمەد مقدار خەلیل بوو کە لە هەمان کاتدا یاری زانیش بوو.

ئەنوەر. لە ساڵی 1974 دا وەك زۆربەی کورد پەیوەندیت کردوە بە شۆڕشی ئەیلولەوە؟
وەڵام. بەڵێ، زۆربەی یاری زانانی یانە و هەڵبژاردەی هەولێر ڕامانکردە دەرەوە ڕومان کردە شاخ پاش ماوەیەکی کەم زۆربەمان یەکمان گرتەوەو بڕیارمان دا کەوا تیپێك دروست بکەین بە ناوی تیپی هەڵبژاردەی کوردستان، موحەمەدی زادە کە وا بەرپرسی خاچی سووری ئێرانی بوو یارمەتی داین بۆدروستکردنی تیپەکە، بەرپرس و ڕاهێنەر کاك فاڕووق سەید حەسەن و کاك ئەمجەد موستەفا لەگەڵ جەمال قەرەداغی.

ئەنوەر. دوای هەرەس هێنانی شۆڕش چیت بەسەرهات؟

وەڵام. . وەك زۆربەی كورد گەڕامەوە پاشان ڕەوانەی شاری دیوانیە كرام بۆ ماوەی 4 ساڵزیاتر.

ئەنوەر. . ئایە دوای گەڕانەوەت بەردەوام بوویت لە یاری كردن؟
وەڵام. . ساڵی یەكەم بەردەوام بووم بەڵام دوای ئەوەی هیوام بە گەڕانەوە نەما بۆ شارەكەم تاوەكو بتوانم جارێكی تر خزمەتی شارو نیشتیمانەكەم بكەم وازم لە یاری كردن هێنا پاشان بووم بە ڕاهێنەری تیپیپۆلیس ی شارەكە، لە دوای ساڵی 1974 هیچ یاریەكم نەكرد بۆیانە وهەڵبژاردەی هەولێر.

ئەنوەر. . چی یانە و یاریزانێكی كورد ی سەردەمی خۆت بەدڵ بووە؟
وەڵام. . وەك یانە لە كوردستاندا یانەی سولیمانی، وەك یاری زانیش زۆر كەسم بە دڵ بووە وەك مەجید میرخان و عەلی لەتیف و سەلاح موحەمەد كەریم زۆر یاری زانی تری شاری سولەیمانی وەك هەولێر نەجات وكانەبی و موحەمەد عوسمان و ئەسعەد عەلی.

ئەنوەر. . تاوەكو ئێستا بەسەریان كردویتەوە وەك یانە و لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان یان دابەشكردنی خەڵات و زەوی بەسەر یاری زانە دێرینەكاندا؟
وەڵام. . نەخێر بەهیچ شێوەیەك نەشم بیستوە باسیشم بكەن نەوەك زەوی یان خەڵاتم بدەنی نازانم كێ یاری زانی دێرینە و ڕێز لەكێ دەگیرێت بەس من لە بیر نەكراوم زۆر كەسی تریش وەك من وان ئەنوەر. . دوا ووشەت چییە بۆ یاری زانانی كورد و بۆ ئەم چاوپێكەوتنەت؟
وەڵام. . من زۆر سوپاسی تۆی بەڕێز دەكەم كەوا هەڵساویت بەم كارە پیرۆزە لە خزمەت وەرزش و ئاوڕدانەوە لە وەرزش كارە دێرینەكان وتازە پێگەشتوەكاندا هیوای سەركەوتنت بۆ دەخوازم، ئەوەی لەبیرم كردوە كەوا سوپاس و پێزانینم بۆ خوالێخۆش بوو كاك فایەقی قەساب لە سولەیمانی. هیوادارم ئەو بەڕێزنەی كەوا یاری زانی دێرین و تازە پێگەشتون لە هەر شوێنێك بێت ئەگەر حەز بكەن بۆ بڵاو كردنەوەی ژیانی وەرزشیان دەتوانن پەیوەندیم پێوە بكەن بە سوپاسەوە.
0046 736238127 یان 0046 40 948904



لای ڕاست لەسەرەوە
سەلاح ئەحمەد. فاروق توفیق. شێرزاد خەلیل . موحەمەد . باقی . خالس . سەباح
سەلاح پیتوز . ئەسعەد عەلی . نەجات . كانەبی . حازم . موحەمەد عوسمان

ano_Aimin@hotmail.com

وێنەی هەڵبژاردەی شاری هەولێر ساڵی 1969



لای ڕاست
سەباح سەرسوور و حازم عوسمان و خالس قۆجە




ئەنوەر خەراجیانی / یاری زانی هەڵبژاردەی سولەیمانی کۆن / لەگەڵ کاک سەباح